گریشا

نووسینی ئەنتۆن چیخۆف
و/ ڕابەر یونس

گریشا، کوڕێکی خرۆخۆڵ، دوو ساڵ و هەشت مانگ لەمەوبەر لەدایك بووە،لەسەر شەقام لەگەڵ دایەنەکەی بەپێ دەڕوات، پاڵتۆیەکی فەروەی درێژی لەبەردایە لەگەڵ ملپێچێك و کڵاوێکی بەگوڵنگی تووکن و پووتی گەرمیشی لەپێیە. جلوبەرگەکانی بەری گەرم و هەناسەبڕن، ئەوەتا خۆری گەرمی نیسانیش ڕاستلە ڕوخساری دەدات و پێڵوەکانی دەزوورێنێتەوە. تەواوی شێوەی حۆل و شەرمن وبچووکی بەو هەنگاونانە نادڵنیاییەوە ئەوپەڕی سەرسوڕمانی دەردەخات.
تا ئێستە گریشا تەنیا دنیایەکی چوارقولینچکی بینیوە، کە لە گۆشەیەکیدا تەختەخەوەکەی ئەوی لێیە و لە گۆشەیەکی تردا باوەڵی دایەنەکەی لێیە، لە گۆشەی سێیەمیشدا کورسییەك و لە گۆشەی چوارەمیش مۆمێکی بچووك داگیرساوە. ئەگەر سەیری ژێر تەختەکەی بکەی، دەبینی بووکەشووشەیەکی لێیە کە قۆڵێکی شکاوە و تەپڵێکی پێیە، لە پشت باوەڵی دایەنەکەش شتی یەکجار زۆری لێیە و لە هەموو جۆرێکیشە وەك: خڕیلە دەزوو و قوتوی بێ قەپاغ و هتد ...
لەو دنیایەدا، بێجگە لە دایەن و گریشا، زۆر جار دایە و پشیلەکەشی لێیە. دایە وەکو بووکەشووشەیە و پشەش وەکو کۆتە فەروەکەی بابەیە، تەنیا ئەوە نەبێ فەروەکە کلك و چاوی نییە. لەو دنیایەی کە پێی دەڵێن دایەنگا، دەرگایەك بەرەو فراوانییەك دەڕوات کە چایە و نانی لێ دەخورێت. کورسییەکەی گریشا بەسەر لاقی بەرزەوە وەستاوە، بە دیوارەکەشەوە کاتژمێرێك هەڵواسراوە کە بۆ ئەوە لەوێیە پەندۆڵ و زەنگەکەی لێ بدات. لە ژووری ناغواردنەوە دەتوانی بچیتە ژوورێك کە کورسی سووری لێیە. لێرە پەڵەیەکی تاریك بە فەرشەکەوەیە کە ئێستەشی لەگەڵدا بێ لەسەر ئەمە پەنجە لە گریشا ڕادەشەقێنن. لەودیو ئەو ژوورەش ژوورێکی دی هەیە کە ناتوانی بچیتە ژوورێ، کە لەوێ بابە دەکەوێتە بەرچاو ... کەسێکی تا بڵێی ئاڵۆز کەس لێی تێناگات! دایەن و دایەش شیاوی تێگەیشتنن، ئەوان جلوبەرگ لەبەر گریشا دەکەن و خواردنی دەدەنێ و دەیخەوێنن، بەڵام بابە بۆچی هەیە ئەوین شتێکی نادیارە. کەسێکی تریش هەیە کە کەس لێی تێناگات، پووری، کەتەپڵێکی بە دیاری داوە بە گریشا. هەر پەیدا دەبێت و بزر دەبێتەوە. بۆ کوێ بزر دەبێ؟ گریشا زیاتر لە جارێك سەیری ژێر تەختەکەی و پشت باوەڵەکە و بن قەنەفەکەی کردووە، بەڵام ئەو لەوێ نەبووە.
لەم دنیا نوێیەدا کە خۆر چاوت ئازار دەدات، ئەوەندەی بابە و دایە و پووری لێیە، کە نازانێ بۆ لای کێ ڕابکەی. ئەوەی لەوەش سەیرتر و بێمانات‌ترە ئەسپەکەیە. گریشا تەماشای لاقە جوڵاوەکانیان دەکات و هیچ سەری لێ دەرناکات، سەیری دایەنەکەی دەکات تاکو ئەو ئەم ڕازەی بۆ بەیان بکات، بەڵام ئەو قسە ناکات.
لەناکاو گریشا گوێی لە ڕمبە ڕمبێکی ترسناك دەبێت.. کۆمەڵە سەربازێکی دەموچاو سوور بە گێسك لەبن هەنگڵەوە بە هەنگاو دەڕۆن لە شەقامەکەدا،ڕاست بۆ لای ئەو. گریشا هەموو گیانی سارد هەڵدەگەڕێ لە ترسان، بەپرسیارەوە سەیری دایەنەکەی دەکات تا بزانێ ئاخۆ ئەوە مەترسیدارە یان نا، بەڵام دایەن نە دەگری و نە ڕادەکات، کەواتە هیچ مەترسییەك نییە. گریشا سەیری سەربازەکان دەکات و ئەویش لەگەڵ ئەوان لاقەکانی بە هەنگاو دەجوڵێنێت..
دوو پشیلەی گەورەی دەموچاو درێژ لەمبەر بۆ ئەوبەری شەقامەکە بەدوای یەکدا ڕادەکەن، زمانیان بەدەرەوەیە و کلکیان لە هەوایە. گریشا وا دەزانێ کە ئەویش دەبێ ڕابکات، بەدوای پشیلەکان ڕادەکات.
دایەنەکەی هاوار دەکات "بووەستە!"
"ئەوە بۆ کوێ دەڕۆی؟ ئەی پێت نەگوتراوە کە هار و هاج نەبی؟"
لێرە دایەنێك دانیشتووە سینیەکی گرتووە کە پڕە لە پرتەقاڵ. گریشا بەتەنیشتیدا تێدەپەڕێت و بێ ئەوەی هیچ بڵێت پرتەقاڵێك دەبات.
دایەنەکەی دەڵێ "ئەوە تۆ بۆ وا دەکەی؟" شەقێك لە دەستی دەدات و پرتەقاڵەکەی لە دەست دەردێنێت.. "گێلە!"
ئەجارەیان گریشا حەز دەکات پارچە شووشەیەك هەڵگرێتەوە کە لەبەر پێی کوتبوو و وەکو لامپا شەوقی دەدایەوە، بەڵام دەترسێ دیسانەوە شەق لە دەستی بدرێتەوە. لەپڕ گریشا گوێی لە دەنگێکی بەرز دەبێت، هەر لە ژوور گوێچکەی، "سڵاوت‌لێ بێ!" پیاوێکی درێژ دەبینێت کە قۆپچەی درەوشاوەی پێوەیە.
بۆ دڵخۆشیی گریشا، پیاوەکە ڕادەوەستێ و دەستی دەداتە دایەن و لەگەڵی دەکوێتە قسە. شەوقی خۆر و دەنگەدەنگی عەرەبانەکان و ئەسپەکان و قۆپچە بریقەدارەکان لای گریشا ئەوەندە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش نوێ و بێسامن کە دەروونی پڕدەبێ لە شادی و دەست دەکات بە پێکەنین.
بانگ لە کابرا قۆپچە بریقەدارەکە دەکات و دامێنی کۆتەکەی ڕادەکێشێ "وەرە! وەرە!"
پیاوەکە لێی دەپرسێ "بێمە کوێ؟"
گریشا پێ دادەگرێ و هەر دەڵێ "وەرە!"
دەیەوێ بڵێ کە پێی خۆشە دایە و بابە و پشیلەش لەگەڵیان بێن، بەڵام زمانی ئەو شتانە نالێن کە ئەو دەیەوێ.
پاش کەمێك، دایەن لە شەقامەکە دەچێتە دەر و گریشا دەباتە ناو گۆڕەپانێك کە هێشتا بەفری لێ ماوە، کابرای قۆپچە بریقەدارەکەش لەگەڵیان دێت. بە وریاییەوە خۆیان لە کەڵەکە بەفر و قوڕاوەکە لادەدەن و پاشان بە قادرمەیەکی پیس و تاریدا سەر دەکەونە ژوورێك. لێرە دووکەڵێکی زۆری لێیە، بۆنی گۆشتی بەرژاو دێت، ئافرەتێك لەتەك سۆباکە وەستاوە و پارچە گۆشت سوور دەکاتەوە. چێشتلێنەر و دایەن یەکدی ماچ دەکەن و بەیەکەوە لەگەڵ پیاوەکە لەسەر تەختەکە دادەنیشن و بە دەنگی نزم دەست بە قسە دەکەن. گریشا کە توند پێچراوەتەوە، هەست بە گەرمی و هەناسەبڕکێ دەکات.
لە مێشکی خۆی پرسیار دەکات "ئەمە بۆ وایە؟"
بنمیچە تاریکەکە دەبینێت، چەنگاڵی سۆباکە کە دوو قۆچی هەیە، سۆباکە کە دەڵێی کونێکی گەورەی ڕەشە.
گریشا بە دەنگێکی نزم دەڵێ "داییە... !"
دایەنەکە بانگی لێ دەکات "وەرە، وەرە، وەرە! کەمێك چاوەڕێ کە!"
چێشتلێنەرەکە سوراحییەك لەسەر مێزەکە دادەنێت لەگەڵ دوو پەرداخ و قاپێك حەڵوا. دوو ژنەکە و کابرا قۆپچە بریقەدارەکە یەکە و قومێك لە ئاوەکە دەخۆنەوە. گریشا دەستی بۆ حەڵوایەکە درێژ دەکات، ئەوانیش پارچەیەکی لێ دەدەنێ.
کاتێك گریشا دەگاتەوە ماڵێ، دەست دەکات بە گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتانە بۆ دایکی، دیوارەکان و ئەو قەرەوێڵەیەی کە لەوێ بووە، ئەو شتانەی کە بینیویەتی. ئەوەندەی بە دەستەکان و دەموچاوی قسان دەکات ئەوەندە بە زمانی قسە ناکات. پێشانی دەدات کە خۆر چۆن هەڵدێت و ئەسپەکان چۆن ڕادەکەن و سۆبا ڕۆژاگرانەکە شێوەی چۆنە و هتد...
شەوێ گریشا خەوی لێناکەوێت، سەربازە گسك درێژ بەدەستەکان و پشیلە گەورەکان و ئەسپەکان، پارچە شووشەکە، سینیە پرتەقاڵەکە، قۆپچە بریقەدارەکە هەموویان کۆبوونەتەوە و قورساییان خستۆتە سەر مێشکی. هەر خۆی وەردەگێڕێ و کینگڵ دەخوات، قسە دەکات، لە کۆتاییدا کە ناتوانێ بەرگەی ئەو هەموو جۆش و هەژانە بگرێ، دەست دەکات بە گریان.
دایە دەستی لەسەر نێوچاوانی دادەنێت و دەڵێ "تۆ تات لێیە، دەبێ بەچی تووش بووبێ!"
"سۆبا!" گریشا دەناڵێنێ، "دوورکەوە، سۆبا!"
دایە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە "هەبێ و نەبێ زۆری خواردووە"
گریشاش، کە بەهۆی هەستی بەرامبەر بەو ژیانە نوێیەی کە تازە بینیویەتی شەکەت بووە، ملاکێك لە ڕۆنی زەنجەبیلی لەلایەن دایەوە پێ دەدرێت.

دڵ چ بکا..؟

ئەحمەد خان یاسین

دەنووسم سەری سپیم ئەمری کردووە
چەند دێڕێ بنووسم لە باسی ئەمڕۆ و دوێنێ ..
گەنجی دوێنێ و پیری ئەمڕۆ
ئاخۆ چ بکا...؟
ئاخۆ چۆن لە دەستی چووە جوانی ..
چۆن بە سەرپیردووە گەنجی..
دڵ چ بکا..؟
کەچی نەگەیشتم بە جوانی
گەشتم بەپیری ..
کە دیم پیری دوانەکەوت
لە کات و ساتی
بەفر باری
ئاخۆ چیم دی!
ئاخۆ دڵ چ بکا..؟
زستانم دی دڵم خورپەی کرد
باڵام چەمایەوە، ئەژنۆم شل بوو
ڕۆشتنم بەبێ گۆچان ئابڕووچوون بوو..
ڕۆیشتم بە ڕێگادا.. نشێوی کەم بوو
ئەوسا زانیم ڕۆحم ناکرێ بە بەهاردا..
سەیرەکە.. دوای زستان هەر زستانە
ئاخۆ دڵ چ بکا..؟!
کە تەمەن تێپەڕی ڕۆژگار چ بکا..؟
گەر زەوی تەڕ نەبێ بەهار چ دەکا..؟
گەر هەڵفڕی دوو کۆترەی سپی تەمەن
ئاخۆ دڵ چ بکا..!
گەر ئاهی تەمەنی لاوی سیمات چرچ کا
دڵ چ بکا..؟
تازە تەمەن ڕۆیشتووە و بێنازی ..
ئاخۆ کێ نازت لەسەر ئەکا
دڵ چ بکا..؟!
دەردی زەمانە ئافاتی گرانە
کێ گوێ بە خەم ئەدا..؟!
کێ گوێ لە خەم ئەگرێ..؟!
خەمەکان دوایی نایێ
کۆترەی دڵ بە واتای چ بکا ..؟
یانی کێ دەرئیەهێنێ لەنێو داوی بەلاڵدا
دڵ ئێستا چ دەکا..؟
دڵ چ بکا..؟

کۆترەی دوو باڵ قاوەیی بۆ پایز هەڵنەفڕێ ..
بە ئیتیجاهی پێچەوانەی باز
کۆترەی من پیر و منداڵی بینی لە پایزدا
بۆیە لە حاڵەتی پەشێویدا
بۆیە وشەی ئومێدی لەسەر باڵی ئەم
کۆترە بەدی ئەکرێت..
ئەم ئاڵایەی هەڵکراوە..
نیشانەیە بۆ سەرکەوتن
چۆن ناشڵەژێ ..
ئاخۆ دڵ چ بکا ..؟
بەم شێوەیە خاڵە حاجی دڵخۆش
وڵاتیش خامۆش .
پیاوی ریش سپی من مۆری حەقی کردە خاڵی
ئینتیخابات
بۆی دەرکەوێ ئەو یەکگرتووەی
کە مەشخەڵەکەی وا لە ناخا
خودایە بە بەر شەفاعەتی شەفاعەتکارانمان دەی..
دوو کۆترەی سپی باڵ قاوەییم هەیە خودایە
پەنایاندەی..
کاروانی ئەم کاروانە بەردەوام لەگەڵ کاروانی
مەنسوردایە.
کاروانی هیچ کاروانێ
لە کاروانی ئێمە ناچێ..
کاروانی ئێمە جیایە .
ئاخۆدڵ چ بکا ..؟!
تۆ نەبی لە من ون
با من لەتۆ ون .
کە تۆ دەرئەکەوی
مەپرسە لە دڵ چی بەسەردێ..
بپرسە لە گوڵ
بزانە چۆن شەرمەندە دەبێ
جا دەبێ دڵی بریندارە من چ بکا...؟!

لە یادی تۆ

ڕۆژان عەلی / سلێمانی

پێشەوام ... ئەی ڕەسوڵ !
لە ئامێزی ژیاننامەی میهری تۆدا.
لە دەروازەی گوڵستانی قەشەنگی بێ
وێنەی تۆدا .
تنۆك .. تنۆك
فرمێسکی ئەوین و وەفا و پەیمان
ئەبارێنم ..
لە ڕۆشنایی ڕێبازی پڕ نوی تۆدا .
لە ناوجەرگەی میللەتێکی بەشخوراوی
بێ نەوا و داڵدەدا .
لە ساتەوەختی یادی تۆدا
لە شارەکەی شێخی نەمردا
من پارچەیەکی کودستان .
شاخی گۆیژەم زمان حاڵە و
با هەموو دنیا بیزانن ..
من سرود بۆ تۆ ئەچڕم
ئەی فەخری کائینات ..
هەتا بەخشینی دواهەناسەت ..
هەر بە خەم بووی ..
کۆتا وشەت (امتی .. امتی ..) بوو ..
وەها خەمت بوو.
بۆ ئێمەشت کردە ویردی زمان و
ئاوا دەیڵێینەوە ..
چەند خەڤۆر بووی
چەند دڵسۆز بووی .. ئەی سەروەرم
ئێستا منی کیژۆڵەی ئەم دەڤەرە .
پێنووسەکەم بە تەرزی پڕ ئەوینتەوە
بە جۆش و خرۆشی شەرەیانی دڵمەوە
سەرسامە و نازانێ چۆن بێتە گۆ .
لەم باخچەی گوڵانی تۆدا
کام چەپکە گوڵ هەڵبژێرم و
بیکەمە ڕەمزی یادی تۆ..
کەلتور و کەلەپورم
ڕەنگرێژی نوری تۆیە .
باڵاپۆشی بەرگی منە و
بریسکەی پەیامی تۆیە .
بۆیە وەها من سەربەرزم
چونکە روونە و چاك دەزانم ..
تەنهاو تەنها پەیامی بۆ خوایەی تۆیە
بەرگی کۆیلەیت پێ وەلا نام ..
تاجی زێرینی گەورەیت وا لەسەر نام
تاکو مردن هەر فەخرە بۆم
چقڵی نەیارانی نووری تۆیە
ئەو شەوانە زوو بەسەرچوو
شەمشەمەکوێرە بەئاوات بوو
شەوانەی ئەبرەهە شێوەکان .
پلان و نەخشە دانەربوون
پەیامی تۆ سێبەری لێبڕان و ئارامی تۆ
تۆ ئاوات کرت .
ڕەوشتی جوانی بەرزی تۆ
خالق ﴿وأنك لعلى خلق عظيم﴾

وەصفی کرد .
کەڵە زانایان و بیرمەندان
تا قیامەت پێ حەیران کرد
بۆ شکۆی و سیما و سلوکی تۆ
بۆە و روخساری نوری تۆ .
منداڵیشی بەدوور نەگرت
دەستی پڕ میهر و سۆزت ..
منداڵی بێ باوکی خستە خەندە و
وەها ژیر کرد .
هانا و ویژدانی ناسکت
دایە سەرسپیشی بێبەش نەکرد
تۆ ئەی سەروەرم!
هەموومانت .. خستۆتە گۆ .
وەك پەروانە
بە یادی خۆشەویستی تۆ .
سڵاواتەکانم دیاری منن بۆ تۆ .
پێ بەپێی هەنگاوەکانت تەیکردن .
وەفا و ئاوات و حەزی منن
ئێمە بووین
کە خۆمان هاوێشتە ڕێبازت و ..
هەر ئێمەشین ئاواتمانە
کە دراوسێی جنات و عدنت بین ..
لە گۆیژەی سەربڵندی کوردستانم
تا شاری پڕ ئەنواری نوری تۆ
سەدا و دەنگی سڵاواتە
بۆ یادی دیداری تۆ .
ئەی محەمەد ! ئەی سەروەرم!

٢٠١٠/٢/٢٦
tnok76b@hoomail.com